گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شاری موصل، خانەی لەسکەدانی دراو لە سەردەمی ئەمەوییەکان 132-82ك/701-750ز

## (توێژینەوەیەکی هونەری شیکارییە)

**م. هاوكار احمد عبدالرحمن**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawkar.abdullrahman@su.edu.krd

**پ.د. زيدان رشيد خان اودل برادۆستی**
پەرلەمانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق
zidan.bradostyzidan@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٥/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*The coin, The Islamic money, the Umayyad period, The city of Mosul, Dirham, Flus.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.19

**پوختە**

دراو یەسەرچاوەیەکی گرنگی نوسینەوەی مێژووی سەردەمە کۆنەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لەسەردەمە ئیسلامییەکان، چونکە دراوی ئیسلامی بەڵگەنامەیکی نوسراوی گرنگە ولەرێگای دراوەوە دەتوانین زۆرترین زانیاری مێژووی وئابوری وهونەری وئاینی و...هتد دەربارەی سەردەمەکانی ئیسلامی بەدەستبهێنین، لەسەر دراوەکان جگە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، نوسینی مێژووی گرنگی لەسەرە وەك ساڵ، شوێنی لەسکەدانی دراوەکە وناوی خەلیفە وئەمیری شارەکان، ئەم نوسینانەش هاوکاری توێژەران دەکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی رووداوە مێژووییەکان. توێژینەوەکەمان تایبەتە بەو دراوانەی لەسەردەمی ئەمەوییەکان لە موصڵ لەسکەدراوەن. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی موصڵ بۆ بازرگانی ولەباری بۆ کشتوکاڵ ناوچەیەکی گرنگی ئابوری بووە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی. کۆنترین دراو لە موصڵ لە ساڵی 82کۆچی لەسکەدراوە وتاکۆتای دەوڵەتی ئەمەوییەکان لە ساڵی 132کۆچی لەسکەدانی دراو بەردەوامبووە. دوای گەڕانی زانستی لەمۆزەخانەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پاییز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وسەرچاوەزانستییەکانی دراوی ئیسلامی توانیمان ئەو دراوانە بدۆزینەوە کە لە موصڵ لەسکەدراون. بۆ ئەم توێژینەوەیە یەك درهەم وحەوت فلسمان وەرگرتووە، دراوەکان لەساڵی جیاواز ولەلایەن خەلیفە وئەمیری جیاوازەوە لەسکەدراون. ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزێکی دکتۆرا تایبەت بە دراوی ئیسلامی لە موصڵ. بەوهیوایەین لەرێگای ئەم توێژینەوەیەوە تیشکمانخستبێتە سەر لایەنێکی گرنگی شاری موصڵ ئەویش لەسکەدانی دراوە لەسەردەمی ئومەوی.

## 1-پێشەکی

دەرکەوتنی بیرۆکەی دراو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ لە سەدەکانی هەشت و حەوتی پێش زاین. لەئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی کەرەستەیەکی ناوەندی بۆ دیاریکردنی نرخ، لەم چوارچێوەیەشدا کانزا کەرەستەیەکی باشبووە بۆ دیاریکردنی نرخ. (الفلاحی 2015، ص.3). بۆیەکەمجار دراو (سکە) لە سەردەمی لیدییەکانی دانیشتوی کەناراوەکانی ئاسیای بچوك کە خۆرئاوای تورکیای ئێستا دەکات لێدر (حسین، 3/2014، ص.315-316). دوای دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام و دروستکردنی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی, مسوڵمانەکان دراوێکی تایبەت بەخۆیان نەبوو. پێغەمبەر (د. خ) بڕیاریدا دراوی بیزەنتی و ساسانی بۆ مەمەڵەکردن بەکاربهێنرێت لە دەوڵەتی ئیسلامی، کە ئەم جۆرە دراوانە لە پێش ئیسلامیش لەم ناوچانە بەکاردەهاتن. (رباح، 2008، ص.81-82)، لەگەڵ ئەوەی ئەو وێنە و نەخشانەی لەسەر ئەو جۆرە دراوانە هەبوو لەگەڵ ئاینی ئیسلام نەدەگونجان (القیسی، 2002، ص.41-4. لە ماوەی خەلافەتی پێنجەمین خەلیفەی ئەمەوییەکان (عبدالملك کوڕی مەڕوان 65 – 86ك/685 – 705ز) بۆیەکمجار دراوی تایبەت بەدەوڵەتی ئیسلامی لەسکەدرا (رمضان، 2008، ص.57). ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەشیکاری ئەو دراوانەی لەسەردەمی ئەمەوییەکان لەموصڵ لەسکەدراون. لەرێگای ئەو دراوانەوە لاپەڕەکانی مێژووی شاری موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان هەڵدەدەینەوە. جگەلەوەش شیکاری هونەری بۆ دراوەکان دەکەین لەرووی پێکهاتەی نەخش ونیگارەکانی و خوێندنەوەی نوسینەکانی سەر دراوەکان. دەتوانین بڵێین پێشتر هیچ توێژینەوەیەکی زانستی تایبەت بە دراوی موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان نەکراوە، تەنها

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دراوناسی عێراقی (پ.د. ناهض عبدالرزاق) پەرتوکێکی دەربارەی دراوی شاری موصڵ نوسیوە، بەڵام لەهیچ شــوێنێك دراوی وەرنەگرتووە و شــیانبکاتەوە، تەنها ئاماژە بەوە دەکات لەوســەردەمانە دراو لەموصــڵ لەســکەدراون بێ ئەوەی وێنەی دراوەکان دابنێت. پلانی توێژینەوەکەمان لەچەند بابەتێك پێکدێت، سەرەتا بە پێشەکی دەستپێدەکات، دواتر کورتەیەك دەربارەی شاری موصڵ، لەبەشێکی تردا باسی لەسکەدانی یەکەم دراوی درهەم دەکەین لەشاری موصڵ، هەروەها بەسی ئەو والییانە دەکەین کە ئەمەوییەکانەوە لەموصڵ دایاندەمەزراندن و بەناوی خۆیانەوە فلسیان لەسکەداوە، بۆ سەردەمی هەر والییەك وێنە وشــیکاری تایبەت بەدراوەکە ئاماژەی پێکراوە، لەکۆتایی توێژینەوەکەمان ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی وئینگلیزی خراونەتە روو.

## 2- شاری موصڵ

موصڵ یەکێك بووە لە شارەگرنگەکانی خەلافەتی ئیسلامی. دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ناونانی ئەم شارە، یەکەمیان هۆکاری ناونانی بەموصڵ دەگەڕێننەوە بۆئەوەی شوێنی بەیەکگەیشتنی ناوچەکانی جەزیرە بووە بە شام، بۆچونی دووەم ئەوەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو رووباری دیجلە وفورات. (الحموي، ج5، ص223-225). موصڵ لە ساڵی (17ك/637ز) لەلایەن سوپای ئیسلامەو فەتح کراوە (الملاح، 1992، ص25). بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافی شاری موصل لە رووی ئابوررییەوە، بەهۆی دەوڵەمەندی شارەکە لە بواری کشتوکاڵ وئاژەڵداری و پیشەسازی، ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە ئەم شارە لەسەردەمی ئەمەوییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەوبووە و جێگای بایەخی خەلیفەکانی ئەمەوی بووە. موصل بەهۆی بوونی رووباری دیجلە و رێگای ئاوی ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە، ئەمەش هۆکابووە بۆ کردنەوەی چەندین بازاڕ لە شارەکەدا، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی موصل لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە. ئەم جموجۆڵە بازرگانی و ئابوررییانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی لە موصل لەسەرەتاکانی ئیسلام دراو لەسکەبدرێت (القيسي وحسن، 2021، ص16).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3- لەسکەدانی دراو لە شاری موصڵ

لەسەرەتاکانی بەئیسلامیکردنی دراو لەدەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی ئەمەوییەکان، شاری موصل وەك یەکێك لەشارە گرنگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لەوکاتەدا کرا بە خانەی لەسکەدانی دراو. سەبارەت بە کۆنترین دراو کە لەشاری موصل لەسکەدرابێت، دوای گەڕان لە مۆزەخانەکانی (بەغداد، هەولێر، سلێمانی) ئەوەی دەستمانکەوت بریتی بوو لە دراوی فلس کە زیاتر لە نیوەی کۆتایی دەوڵەتی ئەمەوی لەسکەدراون، بەڵام کەتەلۆگ و سەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن سەرەتای لەسکەدانی دراو لە شاری موصل درهەم لەسکەدراو. (Miles, 1950. P.199)

### 1.3- لەسکەدانی درهەم لە موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان

کۆنترین درهەم کە دۆزیمانەوە کە لە ساڵی (82کم/701ز) لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان لەسکەدراوە. یەکەمجار لە ساڵی 1950 لەلایەن کۆمەڵەی دراوی ئەمریکی (Amrican Numismatic Society) نمونەی درهەمێکی لەسکەدراوی شاری موصل بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵی (82ك) لەسکەدراوە، بەڵام شوێنی پاراستنی درهەمەکە دەستنیشان نەکراوە (Miles, 1950. P.199) دراوناسی کۆچکردو (د.محمد ابو الفرج العش) لە پەرتوکەکەی بە ناونیشانی (النقود العربیة الاسلامیة) کە لە ساڵی 2003 بڵاوکراوەتەوە و تایبەتە بە دراوی ئیسلامی پارێزراو لە مۆزەخانەی قەتەر، ئاماژە بە درهەمێکی لەسکەدراوی موصل دەکات بە ژمارە (939) کە لە هەمان ساڵ لەسکەدراوە (العش، 2003، ص205). دراوناسی ئینگلیز (جۆن میشێل کلات) لە کەتەلۆگە بەناوبانگەکەی (Catalogue of the post-reform Dirham) کە تایبەتە بە شارە ئیسلامییەکانی تایبەت بە لەسکەدانی درهەم لەدوای بەئیسلامیکردنی درهەم لەسەردەمی ئەمەوییەکان، ئەم کەتەلۆگە لەساڵی 2002 لە شاری لەندەن بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە (245) دوو نمونەی درهەمی ئەمەوی لەسکەدراوی شاری موصلی بڵاوکردووەتەوە بە ژمارە (626a و 626b) لەساڵی (82ك) لەسکەدراون (Klat, 2002, p.245). دراوناسی عێراقی (د.ناهض عبدالرزاق القیسي) لە چەند توێژینەوەیەکیدا پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە بۆیەکەمجار لەساڵی (82ك) لە شاری موصل درهەم لەسکەدراوە (القیسي، 2021، ص15)

دوای ئەنجامدانی ئەم گەڕانە زانستیانە لە مۆزەخانە و بڵاوکراوە زانستییەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی، دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی بۆیەکەمجار لە ساڵی (82ك) لەسەردەمی پێنجەمین خەلیفەی ئەمەوییەکان عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان شاری موصڵ کراوە بە خانەی لەسکەدانی دراو و درهەمی تێدا لەسکەدراوە. شێوازی ئەو درهەمەی لە ساڵی (82 )ی کۆچی لەشاری موصل لەسکەدراوە هاوشێوەبووە لەگەڵ درهەمی ئەمەوی لە شارە ئیسلامیەکانی تر کە درهەمیان تێدا لەسکەدراوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -1)

**نمونەی ژمارە - 1 - ژمارەی مۆزەخانە/ Klat 626b**

**کێش: 2.72گم تیرە: 25ملم جۆری دراو: درهەم ساڵی لەسکەدان: 82ك**



ڕوو/

لا اله الا

ناوەند: الله وحده

لا شريك له

بازنەکە: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثنتان وثمانين



پشت/

الله احد الله

الصمد لم يلد

ناوەند: ولم يولد ولم يكن

له كفوا احد

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بازنەکە: محمد رسول الله ارسله بالهدی ودین الحق لیظهره علی الدین کله ولوکره المشرکون.

ئەوەی جێگای سەرنجە ساڵی (82ك) زۆر نزیکە لەو ساڵەی کە بۆیەکەمجار درهەمی ئیسلامی تێدا لەسکەدراوە کە ساڵی (78ك)یە لە شارەکانی کوفە وئەرمینیا و ئازربایجان، واتا هەر لەسەرەتاکانی بە ئیسلامیکردنی درهەم لە شاری موصل درهەم لەسکە دراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی شاری موصل لە رووی ئابوری و سیاسیەوە لەو سەردەمەدا، چونکە ئەو شارانەی دەکران بە خانەی لەسکەدانی دراو بریتی بوون لەو شارانەی لە رووی سیاسی و ئابوری و ستراتیژییەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی گرنگ بوون. ئەوەشمان لەبیرنەچێت شارەکانی عێراق لەسەردەمی ئەمەوییەکان رۆڵی گرنگیان بینیوە وەك خانەی لە سکەدانی دراو دوای بە ئیسلامیکردنی دراو، بۆنمونە شاری کوفە لەیەکەم شارەکانە کە درهەمی ئیسلامی تێدا لەسکەدراوە. هەروەها شاری واسط دوای دروستکردنی لەلایەن ئەمەویەکان لە ساڵی (84ك/703ز) (بحشل، 1986، ص20-21) بوو بە شاری سەرەکی لەسکەدانی درهەمی ئسلامی و زۆرترین درهەمی ئیسلامی لەم شارە لەسکەدراوە (Hawkar, 2015, p.62). موصل وەك خانەی لەسکەدانی دراو لەسەردەمی ئەمەوییەکان بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەردەستە تەنها لە ساڵی (82)کۆچی درهەم لە موصل لەسکەدراوە، لەسەردەمی خەلیفەکانی تر هیچ نمونەیەکی درهەمی ئەمەویمان لە شاری موصل بەردەستنەکەوتووە، سەرچاوەکان ئاماژە بە هۆکاری بەردەوام نەبوونی لەسکەدانی درهەم ناکەن لەشاری موصل. دەکرێت لە پەیوەندی بەوەوە هەبێت دوای دروستکردنی شاری واسط زیاتر درهەم لەم شارە لەسکەدراوە، بێگومان درهەمی شارێك لە شارێکیتر بەکارهێندراوە بۆ مامەڵەی کڕین وفرۆشتن.

### 2.3- لەسکەدانی فلس لە شاری موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان

لەنیوەی دووەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان شاری موصڵ وەك خانەی لەسکەدانی دراو بەردەوام بووە، بەڵام تەنها دراوی فلس لەسکەدراوە. ئەمیرەکانی موصڵ لەلایەن خەلیفەکانی ئەمەوییەوە دەسەڵاتی لەسکەدانی فلسیان پێدراوە وبەناوی خۆیانەوە فلسیان لەسکەداوە. لەسکەدانی بۆ مەبەستی ئاسانکاری بووە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، چونکە فلس دراوێکی یارمەتیدەر بووە بۆ دراوەکانی تر بەتایبەتی دراوی درهەم. ئەو فلسانەی لەشاری موصڵ لەسکەدراون لەسەردەمی ئەمەوییەکان بە سێ شێواز بوون، یەکەمیان ناوی شاری موصڵی لەسەر نەخشێندراوە بەڵام ساڵی لەسکەدانی لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەنەخشێندراوە، جۆری دووەمیان ناوی شاری موصڵی لەسەر نەخشێندراوە لەگەڵ ساڵی لەسکەدانی فلسەکە، جۆری سێیەم ناوی شاری موصلی لەسەر نەخشێندراوە لەگەڵ ناوی ئەو ئەمیرەی فەرمانی کردووە بە لەسکەدانی فلسەکە (القيسي و حسن، 2021، ص16). لەئەنجامی گەڕانی زانستی لە مۆزەخانەکانی (بەغداد، هەولێر، سلێمانی) وکەتەلۆگ وداتابەیسی ئەلیکترۆنی مۆزەخانە وسەرچاوەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی، ئەوەی دەستمانکەوت کۆنترین فلس لە شاری موصل لە ساڵی (97ك) لەسکەدراوە. ئەم فلسە لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان لە ئۆکسفۆرد پارێزراوە و لە داتابەیسی ئەلیکترۆنی مۆزەخانەکە دانراوە بە ژمارە (HCR10733)، هەروەها دوو نمونەی هەمان فلس لە ساڵی (2009) لە کەتەلۆگی تایبەت بەدراوی ئیسلامی لە مۆزەخانەی ناوبراو بڵاوکراونەتەوە بە ژمارە (1268 و1269) (Narmand, 2009, p.140). ئەوە روونە ئەم فلسە لە ساڵی (97)ی کۆچی لەماوەی فەرمانڕەوای خەلیفەی ئەمەوی (سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیك 96-99ك/715-717ز) (الشهلة، 1998، ص66-67) لە شاری موصل لەسکەدراوە، چونکە لەسەر فلسەکە ئاماژە بە ساڵی لەسکەدان و شوێنی لەسکەدانەکەی کراوە، بەڵام ئەوەی روون نییە نازاندرێت لەلایەن کام ئەمیری موصڵ لەسکەدراوە، لەبەرئەوەی ناوی ئەمیریەکە لەسەر فلسەکە نەنەخشێندراوە, هەروەها هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی دیاریکراونیە دەربارەی ئەوەی لە ساڵی 97ی کۆچی کێ ئەمیری موصل بووە. لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەناوی چەند کەسێك دەکەن لە نێوان ساڵانی (91-100کۆچی) ئەمیر موصل بوون، بێ ئەوەی ماوەی دەسەڵاتی هەرئەمیرێك جیابکەنەوە، ئەو ئەمیرانەی لەو ماوەیەدا فەرمانڕەواییان کردووە بریتین لە: (مسلة بن عبدالملك، يزيد بن المهلب، مسلة بن عبدالملك (بۆ جاری دووەم)، سعيد بن عمرو بن الاسود الحرشي، عبدالرحمن بن سلمان ، عبدالملك بن بشر) (زامباور، 1980، ص56). ئاماژە بە ماوەی فەرمانڕەوایی هەرکام لەم ئەمیرانە نەکراوە، بەڵام بەپێی ریزبەندی ماوەی فەرمانڕەواییان پێدەچێت لەلایەن یەکێك لە دوو ئەمیری کۆتایی (عبدالرحمن بن سلمان) یان (عبدالملك بن بشر)ەوە لەسکەدرابێت (القيسي، 2015، ص130). پێکهاتەی فلسەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نمونەی ژمارە - 2 - ژمارەی مۆزەخانە/ HCR10733 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**کێش: 2.735گم تیرە: 19.6ملم جۆری دراو: فلس ساڵی لەسکەدان: 97ك**

ڕوو/



الله

ناوەند: احد الله

الصمد

بازنەکە: بسم الله لا اله الا الله وحده لا شريك له

پشت/



محمد

ناوەند: رسول

الله

بازنەکە: ضرب هذا الفلس بالموصل سنة سبع وتسعين

لەماوەی خەلافەتی خەلیفەکانی تری ئەمەوییەکان ژمارەیەك ئەمیر لەشاری موصل دانراون کە دەسەڵاتی لەسکدانی فلسیان هەبووە، سەرچاوەکان ئاماژە بەناوی ئەو ئەمیرانە دەکەن کە لە موصل فەرمانڕەواییان کردووە و ناویان لەسەر فلس نەخشاندووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای گەڕانی زانستیانە لە مۆزەخانە وکەتەلۆگ وسەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی توانیمان دراوی فلسی شەش لەو ئەمیرانە بدۆزینەوە کە بەناوی خۆیان لە شاری موصل فلسیان لەسکەداوە. بەشێوەیەکی زانستی شیکردنەوە بۆ فلسی سەردەمی هەریەکێك لەو ئەمیرانە دەکەین.

**یەکەم/ الحر بن یوسف 108-114ك/727-732ز**

ناوی تەواوی (الحر بن يوسف بن يحي بن الحكم بن ابي العاص بن أمية بن عبدالشمس القريشي الأموي)ە، لەساڵی (105ك) لەلایەن خەلیفەی ئەمەوی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دەستنیشانکرا بە والی مصر. لە مصر بەردەوام بوو وەك والی تاکو مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی 108ی کۆچی (ابن تغر البردي، د.ت، ص254-259) (ابن العساكير، 1995، ص356) الصفدي، 2003، ص81). دوای دەستلەکارکێشانەوەی لە والی مصر، لەلایەن خەلیفە هیشام کوڕی عەبدالمەلیك لە ساڵی 108ی کۆچی کرا بە فەرمانڕەوای موصڵ (انستاس، 1928، ص115) (المقريزي، 2006، ص48). لە شاری موصل کۆشکێکی نوێی بنیاتنا لەنزیك بازاڕی شارو کردی بە بارەگای خۆی، (رونيسون، د.ت.، ص80). یەکێکیتر لەکارەکانی بریتیبوو لە راکێشانی ئاوی رووباری دیجلە بۆ ناوەڕاستی شاری موصل، ئەم رووبارە بووە هۆی زیادکردنی ئاوی خواردنەوە لە موصل، لەلایەن مێژوونوسانەوە بە چەند ناوێك ئاماژەی پێکراوە، الأزدی بە (النهر المكشوف) ناوی هێناوە (الازدي، 1968، ص19). هەروەها بە رووباری حر بن یوسف ناوی هاتووە دواتر لەسەردەمی عەباسییەکان بە رووباری زوبەیدە (النهر زبيدة) ناونراوە، وەك ئاماژەیەك بۆناوی زوبەیدەی کچی خەلیفە جەعفەری مەنصور و هاوسەری خەلیفە هارونە رەشید (المقدسي، 1906، ص138) (الديوەجي، 1954، ص98). حر بن یوسف لە کۆتایی ساڵی 113ی کۆچی لەموصل کۆچی دوای کردووە و هەر لەوێش لە گۆڕستانی قریش بەخاك سپێردراوە (ابن تعز البردي، د.ت.، ص295).

لەماوەی فەرمانڕەایی حر بن یوسف لەسکەدانی فلس لەموصل بەردەوام بوو، بەشێوازێکی جیاواز لە فلسی ئەمیرەکانی تری موصل لە رووی نەخش و نیگارەکانییەوە، زیاتر لە شێوەی درهەمی ئەمەوی دەچێت لەرووی پێکهاتەی نووسینەکانییەوە. لەسەر فلسەکە ئاماژە بە ساڵی لەسکەدانی نەکراوە، تەنها ئاماژە بەناوی حر بن یوسف وشاری موصڵ کراوە، بۆیە ناتوانین ساڵی تەواوی لەسکەدانی فلسەکە دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین لەنێوان ساڵانی (108-114)ی کۆچی لەسکەدراون لە ماوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانڕەوایی حر بن یوسف لە شاری موصل. دوای گەڕانی زانستی لەمۆزەخانەکان، نمونەی فلسێکی لەسکەدراوی شاری موصل لە سەردەمی (حر بن یوسف) مان بەدەستخست، لە مۆزەخانەی نیشیمانی بەغداد پارێزراوە. پێکهاتەی فلسەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**نمونەی ژمارە -3- ژمارەی مۆزەخانە/ 133098-مس مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد**

**کێش: 2.01گم  تیرە: 20ملم  جۆری دراو: فلس  ساڵی لەسکەدان: 108-114ک**

ڕوو/

لا اله

ناوەند: الا الله

وحده



پشت/

محمد

ناوەند: رسول

الله



بازنەکە: بسم الله مما امر به الامیر الحر بن یوسف بالموصل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم/ الوليد بن تليد العبسى 114-121ك/732-739ز**

دوای کۆچی دوای ئەمیر حر بن یوسف، خەلیفە هیشام ئەمیرێکی نوێی بۆ موصل دیاریکرد، ئەویش ولید بن تلید عبسی بوو، فەرمای پێکرد بەتەواوکردنی کارەکانی حر بن یوسف لە شاری موصل (ابن الاثیر، 1997، ص211) (الأزدي، 1967، ص35). ولید بن تلید پێشتر فەرماندەی پۆلیس وسەرکردەی سوپا بووە لە جەیشی خەلیفە (یەزیدی دووەم 101-105ك/720-724ز) (Paul, 1969, p.90). لەگرنگترین کارەکانی ئەمیر وەلید بن تلید لە موصل بریتی بوو لە تەواوکردنی ئەو رووبارەی حر بن یوسف دەستیکردبوو بە دروستکردنی (لازم، 2017، ص236-237)، هەروەها شاری موصڵی بەبەرد رووپۆشکرد (زرکلي، 1980، ص226). لەسکەدانی فلس لە شاری موصڵ لەسەردەمی ولید بن تلید شێوەیەکی ئەندازەیی جیاوازی وەرگرت. لەسەر فلسەکە ساڵی لەسکەدانەکەی نەنوسراوە، بۆیە دەڵێن لە نێوان ساڵانی (114-121)ی کۆچی لەسکەدراون، واتا لەماوەی فەرمانڕەوایی ئەمیر ولید بن تلید. دوای گەڕانی زانستی لە مۆزەخانەکان، لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد دوو نمونەی فلسی ولید بن تلید پارێزراوە بە ژمارەکانی (9306-مس) و(133097-مس)، هەروەها لە مۆزەخەنەی سلێمانی چوار نمونە پارێزراوە بە ژمارەکانی (MS017238) و(MS017507) و(MS017508) و(MS27303)، بەڵام هەموو نمونەکان بەیەك شێواز لەسکەدراون، بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان زۆر فراوان نەبێت یەك نمونەیان شیدەکەینەوە:

**نمونەی ژمارە -5- ژمارەی مۆزەخانە/ MS027303 مۆزەخانەی سلێمانی**

**کێش: 2.45گم تیرە: 21ملم جۆری دراو: فلس ساڵی لەسکەدان: 114-121ك**

ڕوو/

لا اله

ناوەند: الا الله

وحده





پشت/

محمد

ناوەند: رسول

الله

بازنەکە: بسم الله مما امر به الامير الوليد بن تليد بالموصل

**سێیەم/ القطران بن أكمة الشيباني 127-128ك/745-746ز**

لە ساڵی 127ك مەروانی کوڕی محمد چوو بۆ دیمەشق بەمەبەستی وەرگرتنی خەلافەتی ئەمەوییەکان، (قطران بن ئەکمە)ی دیاریکرد وەك ئەمیری موصڵ (الأزدي، 1967، ص68). ساڵی (128ك) دوای کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری عێراق، لەسەر داواکاری خەڵکەکەی ضحاك شەیبانی خەوارج رویکردە موصڵ و خەڵکەکەی دەرگای شارەکایان بەڕودا کردەوە وقطران بن أكمه يان کوشت (سبط ابن الجوزي، 2013، ص368) (مسكوية، 2000، ص238). قطران بن أكمه فلسی تایبەت بەخۆی لەسکەداوە وناوی خۆی وناوی موصلی لەسەر نەخشاندووە. لە ئەنجامی گەڕانی زانستی لە مۆزەخانە وبڵاوکراوە زانستییەکان، توانیمان نمونەیەکی فلس لەسەردەمی قطران بدۆزیەنەوە، لە داتابەیسی ئۆنلاینی مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە.

**نمونەی ژمارە -6- ژمارەی مۆزەخانە/ HCR10493 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**کێش: 2.6گم تیرە: 21ملم جۆری دراو: فلس ساڵی لەسکەدان: 127-128ك**



روو/

لا اله ا

ناوەند: لا الله

وحده

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





پشت/

محمد

ناوەند: رسول

الله

بازنەکە: بسم الله امر الامير القطران بن اكمة بالموصل

**چوارەم/ الضحاك بن قيس الشيباني 128-129ك/746-747ز**

دوای کوژارانی وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی لەساڵی (126ك/743ز) فیتنە وئاژاوەی زۆر لەدەوڵەتی ئیسلامی سەریهەڵدا (شهلة، 1998، ص74)، (ابن كثير، 1998، ص168). هەر لەم ساڵەدا سەرهەڵدانێکی سیاسی بەرپابوو لە ناوچەی (كفر توثا) لە ناوچەی جەزیرە. ئەم سەرهەڵدانەی خەواریجەکان لەسەرەتادا بەسەرکردایەتی (سعيد بهدل الشيبانى) بوو، ئامانجیان دەست بەسەرداگرتنی جەزیرە ودەرهێنانی بوو لەژێر هەژموونی مەروانی دووەم. دوای سەرهەڵدانی ئاژاوەی ناوخۆیی لەنێوانیاندا، سعيد بهدل و ئەوانەی لەگەڵی بوون گواستیانەوە بۆ عێراق (البكاي، 2001، ص209).

ساڵی (127ك/744ز) سعيد بن بهدل الشيبانى بە نەخۆشی تاعون کۆچی دوایی کر ولە شوێنی ئەو (ضحاك بن قيس الشيبانى) بوو بە فەرماندەی جوڵانەوەکە (طه، 1992، ص39). سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لە ژێر فەرماندەی ضحاك ژمارەی خەواریجەکان زیادیانکرد بۆ نزیکەی سێ هەزار کەس (الدينوري، 1992، ص412). ئەم جوڵانەوەیە زۆر بەهێز بووە و توانیویانە بەشی زۆری عێراق داگیربکەن، دەسەڵاتیان بەشێوەیك زیادی کرد بەشێکی زۆر لە ئەمیر و والیبەکان هاتنە ژێر فەرمانیان، ناوەندی دەسەڵاتی جوڵانەوەکە ناوچەکانی جەزیرە و موصل بووە، دواتر دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەر شاری کوفە وگەماڕۆی شاری واسطیان داوە. لە ساڵی 128ی کۆچی ضحاك بن قیس الشیبانی لە ناوچەی کفر توثا ڕووبەڕووی جەیشی مەڕوانی کوڕی محمد بووەوە، لەو جەنگەدا ضحاك کوژراو مەڕوان لەگەڵ هاوەڵانی گەڕانەوە بۆ موصڵ (Hawting, 2000, p.100). بەهۆی بەهێزی جوڵانەوەکە و گرنگی شاری موصڵ لەو سەردەمە، ضحاك شیبانی لەو ماوەی ڕابەرایەتی کردنی جوڵانەوەکە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر نەبووە، فلسێکی لە موصل لەسکەداوە وناوی خۆی لەسەر نەخشاندووە، دوای گەڕانی زانستی لەمۆزەخانەکان و کەتەلۆگ و بڵاوکراوە زانستییەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی، تەنها یەك نمونەهی فلسمان دەستکەت کە لەشاری موصڵ لەلایەن ضحاك بن قیس الشیبانی لەسکەدراوە. ئەو نمونەیەش لەمۆزەخانەی ئەشمۆلیان لە ئۆکسفۆرد پارێزراوە ولە داتابەیسی ئۆنلاینی مۆزەخانەکە دانراوە بە ژمارە (HCR 10740). هەوەرها لە کەتەلۆگی دراوەکانی ڕۆژهەڵاتی مۆزەخانەی (British Museum) کە لە ساڵانی (1888-1876) لە لایەن (Lane-Poole) بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بە بوونی نمونەیەکی فلسی ضحاك دەکات بێئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەربدات (Lane-Poole, 1889, p.101).

**نمونەی ژمارە -7- ژمارەی مۆزەخانە/ HCR 10740 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**کێش: 3.31گم   تیرە: 21ملم   جۆری دراو: فلس   ساڵی لەسکەدان: 127-128ك**

ڕوو/

الله

ناوەند: احد الله

الصمد




بازنەکە: بسم الله لا اله الا الله وحده لاشريك له

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشت/



ناوەند: محمد
رسول
الله

بازنەکە: امر الضحاك بضرب هذا الفلس بالموصل

ئەم فلسە شێوەیەکی تایبەتی هەیە وجیاوازە لەشێوەی فلسی ئەمیرەکانی تری موصڵ، جگە لە شێوە ئەندازەییەکەی کە زیاتر لەشێوازی درهەمی ئەمەوی دەچێت، بەشێوەیەکە لەهەردوو رووەکەی نوسینی بازنەی هەیە، بەپێچەوانەی فلسی ئەمیرەکانی تر کە تەنها لەیەك رووی فلسەکە نوسینی بازنەی هەبوو، هەروەها نوسینی رووی فلسەکەی گۆڕی، پێشر لەرووی فلس لەناوەندەکەی (لا اله الا الله) دەنوسرا، بەڵام ضحاك گۆڕی بە بەشێك لە سورەتی اخلاص (الله/احد الله/الصمد).

**شەشەم/ هشام بن عمرو الزهيري 128-132ك/747-750ز**

پاش دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکەی خەواریجەکان بەسەرکردایەتی ضحاك الشيباني، لە ساڵی 128ی کۆچی ئەمیرێکی نوێ لە شاری موصڵ دەستبەکاربوو، ئەویش هیشام بن عمرو الزهيرى بوو (طه، 1992، ص36)، لەلایەن کۆتا خەلیفەی ئەمەوییەکان (مەڕوانی کوڕی محمد)ەوە دیاریکرا بە ئەمیری موصڵ بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆشارەکە (الأزدي، 1967، ص76). هشام بن عمره لە فەرمانڕەوایی شاری موصڵ بەردەوام بووە تا کۆتایی ئەمەویەکان وگرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە. دوای شکانی جەیشی ئەمەوییەکان لە جەنگی زاب لەلایەن خەڵکی موصڵ و ئەمیری شارەکەوە رێگایان پێنادرێت بچنە شارەکەوە، دەرگای شارەکەیان بەڕووی عەباسییەکاندا کردەوە بەسەرکردایەتی (عبدالله کوڕی علی) وگەنجینەکانی خەلیفە مەڕوان-یان لە موصڵ رادەستکردن (الفوزي، 1992، ص67). پێدەچێت ئەمەش هۆکار بووبێت بۆ مانەوەی هشام لە وەك

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمیری موصڵ دوای هاتنی عەباسییەکانیش. لەماوەی فەرمانڕەوایی ئەمیر هیشام جۆرێکی فلس لەسکەدراوە کە هەڵگری ناوی ئەمیر و شاری موصڵە. سێ نمونەی فلسمان بەردەستخستووە لەماوەی فەرمانڕەوایی ئەمیر هیشام لە شاری موصڵ لەسکەدراون. فلسی یەکەمیان لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد پارێزراوە بە ژمارە (133094-مس)، دووەمیان لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر بە ژمارە (5314) پارێزراوە، فلسی سێیەم لە مۆزەخانەی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر پارێزراوە بە ژمارە (SAM000286). لێرەدا تەنها یەك نمونەیان شیدەکەینەوە:

**نمونەی ژمارە -8- ژمارەی مۆزەخانە/ SAM000286 مۆزەخانەی بەشی شوێنەوار**

**کێش: 3.09گم تیرە: 22ملم جۆری دراو: فلس ساڵی لەسکەدان: 129-132ك**

روو/




ناوەند: وحده

چواردەورەکەی: لا اله الا الله

پشت/




ناوەند: محمد
رسول
الله

بازنەکە: بسم الله امر الامیر هشام بن عمره بالموصل

ئەم فلسە لەرووی شێوازی نەخش وزەخرەفەکانیەوە جیاوازە لە فلسی ئەمیرەکانی تری موصڵ. لە سەر رووی فلسەکە بەشێوەیەکی ئاندازەیی جوان (لا اله الا الله وحده) نەخشێنراوە و تێکهەڵکێشکراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ شێوەیەکی ئەندازەیی چوارگۆشە، لە پشتی فلسەکە (محمد/ رسول/ الله) لە ناوەندەکەی نەخشێندراوە لەناو بازنەیکدا، لە دەوری بازنەکە نوسین هەیە کە تێیدا ئاماژە بەناوی ئەمیر و شاری موصڵ دەکات.

## 4. نەخش و زەخرەفی سەر دراوی ئەمەوییەکان لە موصڵ

### 1.4- نەخش و زەخرەفەی نوسین:

دراو سەرچاوەیەکی گرنگی نوسراوە، لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە سەرەتاکانی نوسینی عەرەبی زۆرترین سود لەنوسینەکانی سەر دراو وەردەگیرێت، چونکە هەر لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی نوسینی عەرەبی لەسەر دراوەکان نوسین نەخشێندراوە، لەبەرئەوەی دراو لەکانزا دروستکراوە زیاتر دەمێنێتەوە، بۆنمونە دراومان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەوڵەتی ئیسلامی ونوسینی عەرەبی لەسەر نوسراوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن هەیە نوسێنێك لەسەر پێست یان لەسەر کەرەستەیەکیتر نوسرابێت ولەئێستادا مابێتەوە.
لەسەرەتاکانی سەلاهەڵدانی نوسینی عەرەبی سەرجەم نوسینەکان بە نوسینی کوفی سادە (الخط الكوفي البسيط) دەنوسران، لەو چوارچێوەیەشدا، نوسینی سەردراوی ئەمەوییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرە نوسینە نوسراون. دەرکەوتنی نوسینی کوفی سادە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی، یەکەم دەرکەوتنی نوسین لەسەر دراوی ئیسلامی بەمجۆرە نوسینە بووە، بەتایبەتی لەماوەی خەلافەتی دووەمین خەلیفەی جێنشین (عومەری کوڕی خەتابە) کە دوای ئازادکردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ساسانییەکان چەند وشیەکی ئاینی وعەرەبی لەسەر درهەمی ساسانییەکان نەخشاند بەم جۆرە نوسینە (جوان، 2022، ص350).

نوسینی کوفی سادە بەشێوەیەکە هیچ جۆرە نەخش وزەخرەفەیەکی تێدانییە، بەڵکو بەشێوەیەکی سادەیە (حسن، 1948، ص236)، لەتایبەتمەندییەکانی ئەم نوسینە ئەوەیە کە گۆشەکانی رێکن و پیتەکانی کورت وئەستورن (الدفتر، 2006، ص45)، هەروەها خاڵییە لەهەموو شێوازێکی جوانکاری وتایبەتمەندە بە سادەیی وساناى لە نوسین (الدرايسة، 2009، ص170)، نوسینی کوفی سادە بەشێوەیەکی باو بەکاردەهات تا کۆتاییەکانی سەدەی سێی کۆچی (جمعة، 1947، ص146).


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوسینی سەر سەرجەم دراوەکانی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون بە نوسینی کوفی سادە نوسراون، لە خوارەوە لە رێگای هێڵکاری بۆ یەکێك لە فلسەکان بە خشتەیەکی تایبەت شیکاری بۆ جۆری ئەو پیتانە دەکەین کە لەسەر دراوەکان نوسراون. (بڕوانە خشتەی ژمارە -1-).

نەخشتەی ژمارە -1- :نووسینی کوفی سادە لەسەر دراوی لەسکەدراو لە موصڵ 82-656ك/701-1258ز

| ساڵ | جۆری دراو | پیت و وشەی نووسینی کوفی سادە | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|---|
| | |  | روو:  |
| -108 114ك | |  | پشت:  |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



**2.4- نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی**

بەشێوەیکی گشتی نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی لەسەر دراوی ئەمەوییەکان بەشێوەیەکی سادەیە، بەتایبەتی لەسەر درهەمی ئەمەوییەکان تەنها چەند بازنەیەکی ئەندازەیی سادە نەخشێندراوە بەمەستی جیاکردنەوەی نوسینەکانی ناوەند لەگەڵ نوسیە بازنەییەکە، هەروەها بۆمەبەستی جوانکاری لە سەر دراوەکە (Hawkar, 2015, p.53).

سەبارەت بە نەخشی ئەندازەیی لەسەر دراوی ئەمەوییەکان لەشاری موصڵ، درهەمی ئەمەوییەکان لەموصڵ هاوشێوەی درهەمی ئەمەویەکانە لەشارەکانی تری خەلافەتی ئەمەوی کە تەنها چەند بازنەیەکی سادە کێشراوە لەسەر روو وپشتی درهەمەکە.



فلسی ئەمەوییەکان لەموصڵ بەهەمان شێوە نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی لەسەر نەخشێندراوە، جۆری نەخشی ئەندازەیی سەر ئەو فلسانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە جیاوازن، بریتین لەبازنە وچوارگۆشە.

بۆزیاتر روونکردنەوەی نەخشی ئەدازەیی هەموو ئەو دراوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون لەخوارەوە لەرێگای خشتەی تایبەتەوە شیکاری بۆ نەخشی ئەندازەیی بەشێك لە دراوەکان دەکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



خشتەی ژمارە -2-: نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر درهەمی زیوی موصڵ لە سەردەمی ئەمەوییەکان

82-132ك/701-750ز

| ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| 82ك | أ- شێوەی درهەمەکە بازنەییە.<br>ب- نوسینەکانی ڕووی درهەمەکە بە سێ بازنە دەورەدراون، لە نێوان ئەم سێ بازنەیەو بازنەی چوارەم نەخشی پێنج دەنکی ئەندازەیی هەیە کە دابەش بوە بە چواردەوری درهەمەکە، بازنەی چوارەم نیوەی سڕاوەتەوە وشێوەی نیو بازنەی دەردەکەوێت | **ڕوو:**<br><br> |
| | أ- نوسینەکانی ناوەندی پشتی درهەمەکە بە بازنایەك دەورەدراوە، نوسینە بازنەییەکە بە بازنەیەکیتر دەورەدراوە.<br>ب- لەنێوان بازنەی دووەم وسێیەم بۆشای هەیە وبە چوار دەنکە نەخش ڕازێندراوەتەوە.<br>ج- بازنەی سێیەم بەلێواری درهەمەکەوە لکێنراوە. | **پشت:**<br><br> |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی



خشتەی ژمارە - 3 -: نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر فلسی مسی موصڵ لە سەردەمی ئەمەوییەکان 82-132ك/701-750ز

| ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| 121-114ك | أ- شێوەی رووی فلسەکە بازنەییە ولێوارەکانی نارێکە.<br>ب- نوسینەکانی رووی فلسەکە بە دوو چوارگۆشەی لەناویەکدا دەورەدراوە کە شێوەی هەشتلای دروستکردووە.<br>ج- ناوەندی رووی فلسەکە بەبازنەیەکی ئەستور دەورەدراوە. | **ڕوو:**<br> |
| | أ- هەمان شێوە ولێواری رووەکەی هەیە.<br>ب- نوسینەکانی ناوەندی پشتەکەی بە چوارگۆشەیەك دەورەدراوە.<br>ج- نوسینە بازنەییەکەی بە بازنەیەکی ئەستور دەورەدراوە. | **پشت:**<br> |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



خشتەی ژمارە - 4 - :نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر فلسی مسی موصڵ لە سەردەمی ئەمەوییەکان

82-132ك/701-750ز

| ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| 127-128ك | ب- شێوەی رووی فلسەکە بازنەییە ولێوارەکانی ناڕێکە و لەلای راستەوە شکاوە.<br>ت- نوسینەکانی رووی فلسەکە بە چوارگۆشەیەك دەورەدراوە.<br>ح- هەریەك لە گۆشەکانی چوارگۆشەکە بە ئەڵقەیەك رازێندراوەتەوە.<br>د- لەهەریەك لەلاكای چوارگۆشەکە بە نیو ئەڵقەیەك رازێندراوەتەوە. | **روو:**<br> |
| | أ- هەمان شێوە ولێواری رووەکەی هەیە.<br>ب- نوسینەکانی ناوەندی پشتەکەی بە بازنەیەك دەورەدراوە بێ هیچ نەخشێك. | **پشت:**<br> |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە - 5 – :نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر فلسی مسی موصڵ لە سەردەمی ئەمەوییەکان
82-132ك/701-750ز

| ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| 132-129ك | أ- شێوەی رووی فلسەکە بازنەییە.<br>ب- نوسینەکانی رووی فلسەکە دەورەدراوە بە دوو چوارگۆشەی لەناویەکدا، لە گۆشەکانی شێوەی بازنەییە، لەبەشی سەرەوە دوو نیوبازنە هەیە لەلاکانی لە شێوەی پیتی (د)، هەریەکە لە لێوارەکانی چوارگۆشەی ناوەوە رازێندراوەتەوە بە سێ نیو بازنەی بەدواییەکدا.<br>ج- هەموو نەخشەکانی رووەکەی بە بازنەیەکی ئەستور دەورەدراوە. | روو:<br><br> |
| | أ- شێوە پشتەکەی وەك رووەکەی بازنەییە.<br>ب- نوسینەکانی ناوەندی پشتی فلسەکە بە بازنەیەك دەورەدراوە<br>ج- نوسینە بازنەییەکەی بە بازنەیەك دەورەدراوە کە بە لێواری فلسەکەوە لکێنراوە. | پشت:<br><br> |

## 5. دەرئەنجامەکان:

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان، گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- دراو بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی بەرچاوی هەیە لە نوسینەوەی مێژوی سەردەمە کۆنەکان وپشتڕاستکردنەوەی ئەو رووداوە مێژووییانەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لەرێکای شیکاری نوسینەکانی سەر دراوەوە.

2- شاری موصڵ هەر لەسەرەتای هاتنی بۆ عێراق ناوچەیەکی گرنگ بووە بەلای خەلافەتی ئیسلامی، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمەوییەکان، هەربۆیە خەلیفەکانی ئەمەوی کەسانی نزیك

لەخۆیان دەکرد بەفەرمانڕەوای شارەکە، هەر لەبەر گرنگی شاری موصڵ لەسەرەتاکانی لەسکەدانی دراو لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لەم شارەش درهەم لەسکەدراوە.

3- بەهۆی گرنگی شاری موصڵ لەرووی ئابوری وەك ناوچەیکی گرنگی کشتوکاڵ وبازرگانی، هەروەها هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، مەیدانی زۆربەی جوڵانەوە وسەهەڵدانەکان بووە، لەوچوارچێوەیەشدا خەڵکی شارەکە زەرەرمەندی سەرەکی بوون.

4- ئەمیرەکانی موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان دەسەڵاتی سەربەخۆیان هەبووە بۆ لەسکەدانی دراو، زۆربەی ئەمیرەکانی موصڵ بەناوی خۆیانەوە فلسیان لەسکەداوە بەناوی خۆیانەوە بێئەوەی ئاماژە بەناوی خەلیفەی ئەمەوییەکان بکەن.

5- ئەو فلسانەی لەلایەن ئەمیرەکانی موصڵ لەسەردەمی ئەمەوییەکان لەسکەدراون لە رووی نەخش وزەخرەفەکانیانەوە جیاوازن لەو فلسانەی لەشارەکانی تری ئیسلامی لەسکەدراون لەهەمان سەردەم، لە رووی نەخش ونوسینەکانی، جۆرێك لە تایبەتمەندی شارەکەیان تێدایە.

6- سەرەڕای زۆری کێشە وئاڵۆزییەکانی شارەکە لە ماوەی خەلافەتی ئەمەوییەکان، بەڵام لەسکەدانی دراو لە موصڵ بەردەوام بووە، هەر ئەمیرێك هاتووەتە سەردەسەڵات لە شارەکە فلسی تایبەت بەخۆی لەسکەداوە بەمەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، فلسی هەر ئەمیرێك جیاوەز بووە لە ئەمیرەکانیتر، لە رووی نەخشەکانییەوە.

## 6. لیستی سەرچاوەکان:

**1**. ابن الأثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين ابن الأثير (ت ٦٣٠هـ) (١٤١٧هـ/١٩٩٧م )، الكامل في التاريخ، ج4، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

**2**. ابن العساكير، ابو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن العساكر (ت 571هـ) (1415هـ/1995م)، تاريخ دمشق، ج12، تحقيق:عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

**3**. ابن تغر البردي، يوسف بن تعز البردي بن عبدالله الظاهري الحنفي ابو المحاسين جمال الدين (ت 874هـ) (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، ج1، وزارة الثقافة والاثار، درا الكتب، مصر.

**4**. ابن كثير، عماد الدين ابي الفداء اسماعيل ابن عمر القريشي الدمشقي (701-774هـ) (1419هـ/1998م)، البداية والنهاية، ج13، تحقيق: د. عبدالله بن عبد المحسن التركي، هجر للطباعة والنشر والتوزيع والأعلان، جيزة.

**5**. الأزدي، ابو زكريا يزيد بن محمد بن اياس بن القاسم (1967)، تاريخ موصل، تحقيق: علي حبيبة، لجنة احياء التراث الاسلامية، القاهرة.

**6**. انستاس مارى الألياوى الكرملى بطرس بن جبرائيل يوسف عواد (ت 1366هـ) (1928)، مجلة العرب العراقية-مجلة شهرية علمية تاريخية، تحقيق: كاظم الدجيلي، ج6، مطبعة الاداب، بغداد.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**7.** بحشل، أسلم بن سهل الرزاز الواسطي (ت 292هـ/905م) (1406هـ/1986م)، تاريخ واسط، تحقيق: كوركيس عواد، ط1، عالم الكتب، بيروت.
**8.** البكاي، د. لطيفة (2001)، حركة الخوارج نشأتها وتطورها الى نهاية العصر الأموي (37-132هـ)، ط1، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
**9.** تقي الدين المقريزي (ت845هـ/1440م) (1427هـ/2006م)، المقفي الكبير، ج3، ط2، تحقيق: محمد العلاوي، دار العرب الاسلامي، بيروت.
**10.** جمعة، ابراهيم (1947) قصة الكتابة العربية، دار المعارف بالمصر للطباعة والنشر.
**11.** حسن، زكي محمد (1948) فنون الاسلام، ط 1، مطبعة لجنة التذليف والترجمة والنشر، القاهرة.
**12.** الدرايسة، محمد عبد الله وعدلي عبد الهادي (1430هـ/2009م) الزخرفة الإسلامية، مكتبة العربي للنشر والتوزي، عمان.
**13.** الدفتر، ناهض عبد الرزاق (1428هـ/2006م) تاريخ الخط العربي، ط 1، دار المناهه للنشر والتوزيع، عمان.
**14.** الدينوري, ابو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة (ت 276هـ) (1992)، كتاب المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، ط2، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
**15.** الديوهجي، سعيد (1954)، قلعة الموصل في مختلف العصور، مجلة سومر، مج1، مطبعة الرابطة، بغداد.
**16.** رباح، إسحاق محمد. (2008م) تطور النقود الاسلامية (حتى نهاية عهد الخلافة العباسية). عمان: مطبعة دار كنوز.
**17.** رمضان، عاطف منصور محمد. (2008م) النقود الاسلامية وأهميتها في دراسة التاريخ والاثاروالحضارة الاسلامية. القاهرة: مطبعة الدار زهراء الشرق.
**18.** رونيسون، تشيس ف.، الأمبراطورية والنخب بعد الفتح الاسلامي: تحول شمال بلاد مابين النهرين، صحافة جامعة كامبرج.
**19.** زامباور (1400هـ/1980م)، معجم الانساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي، دار الرائد العربي، بيروت.
**20.** زركلي، خير الدين بن محمود بن محمد بن محمد بن علي بن فارس، الديمشقي (ت 1396هـ) (1980)، الاعلام الاشهر الرجال والنساء من العرب المستعمرين والمستشرقين، ط5، دار العلم للملاين، بيروت.
**21.** سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابم المظفر يوسف بن قزأوغلي بن عبدالله (581-654هـ) (1434هـ/2013م )، مرلأة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق: محمد رضوان عرقسوسي، دار الرسالة العامة، دمشق.
**22.** شهلة، د. إيلي منيف (1418هـ/1998م) ، الأيام الأخرة في حياة الخلفاء، ط1، دار الكتاب العربي، دمشق.
**23.** الصفدي، الحسن بن ابى محمد عبدالله بن عمر بن محاسن بن عبدالكريم الهاشمي العباسي (ت بعد 717هـ) (1424هـ/2003م )، نزههة المالك والملوك في مختصر سيرة من ولي مصر من الملوك- يؤرخ من عصر الفراعنة والانبياء حتى سنة 717هـ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت.
**24.** الطبري، ابن جعفر محمد جرير (224-310هـ) (1969) تاريخ الرسل والملوك، ج7، تحقيق: محمد ابو الفظل ابراهيم، ط2، دار المعارف بالمصر.
**25.** طه، أ.د. عبدالواحد ذنون (1412هـ/1992م)، الموصل في العهد الأموي 40-132هـ:660-749م، في موسوعة الموصل الحضارية, المجلد2، ط1، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل.
**26.** العش، د.محمد ابو الفرج (2003)، النقود العربية الاسلامية، ط2، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والتراث، الدوحة.
**27.** الفلاحي، د. محمد حسين حسن (2015م) النقود العربية الاسلامية حتى نهاية العصر الاموي (132هـ /749م). مجلة العلوم الانسانية. مجلد 22. عدد 3. جامعة بابل
**28.** فوزي، أ.د. فاروق عمر (1412هـ/1992م)، الموصل ابان الحكم العباسي المباشر 132-293هـ/749-905م، في موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الثاني، ط1، دار الكتب للطباعة والنشر-جامعة موصل، موصل.
**29.** القيسي، ناهض عبدالرزاق دفتر (2015)، فلوس الموصل من العصر الأموي حتى العصر العثماني، مجلة المسكوكات، عدد22، الهيئة العامة للأثار والتراث، بغداد.
**30.** القيسي، ناهض عبدالرزاق دفتر (2002م) النقود في العراق. بغداد: بيت الحكمة.

**31**. القيسى، ناهض عبدالرزاق و حسن، سهيلة مزبان (2021)، نقود الموصل من العصر الأموي حتى العصر العثماني، المكتبة الوطنية، بغداد.
**32**. لازم، م.د. نهلة عبار (2017)، بنو عبس ودورهم السياسي والإداري في العصر الأموي. حولية المنتدي للدراسات الانسانية، عدد11.
**33**. مسكوية، ابو علي احمد بن محمد بن يعقوب (ت 421هـ) (2000)، تجارب الامم وتعاقب الهمم، ج3، سروش، طهران.
**34**. المقديسى، محمد بن احمد بن ابى بكر البناء (1906)، احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، ط2، مطبعة ربل، بيروت.
***35***. *Hawkar Ahmed Abdullrahman, (2015) « Une collection de dirhams umayyades conservée au Musée de Sulaymaniyah au Kurdistan irakien », in Marti, Lionel, Nicolle, Christophe, Shawaly, Kawah (éd.), Recherches en Haute-Mésopotamie, II, Mission archéologique de Bash Tapa (campagnes 2012-2013) et les enjeux de la recherche dans la région d'Erbil, Paris, Sepoa.*

***36***. *Hawting, G.R, (2000), The first dynasty of islam-the Umayyad Caliphate AD 661-750, Second edition, Routlege, London and New York.*
***37***. *Lane-Poole, Stanley, (1889) Catalogue of oriental coins in the British museum, Part 1, Vols 1-4, London.*
***38***. *M. Klat, (2002) Catalogue of the Post-Reform Dirhams, London.*

***39***. *Narmand D. Nicol, (2009) Sylloge of Islamic coins in the Ashmolean, Volume 2, Early post-reform coinage, Oxford,*
***40***. *Paul G. Forand, (1969) The governors of Mosul according to Al-Azadī's Ta'rīkh Almausil, Journal of the American oriental society, Vol. No 1.*

---

## The city of Mosul, The mint for minting coins during the Umayyad period 82-132 AH / 701-750 AD

**Hawkar Ahmed Abdullrahman**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hawkar.abdullrahman@su.edu.krd

**Prof. Dr. Zidan Rasheed Bradosty**
Krudistan Parliament, Kurdistan Region, Iraq.
zidan.bradostyzidan@gmail.com

***Keyword:*** *The coin, The Islamic money, the Umayyad period, The city of Mosul, Dirham, Flus.*

## Abstract

The coin is considered an important source for writing the history of antiquity, especially for the Islamic period, because it is Islamic money and an important written document through which we can obtain a lot of historical, economic, artistic and religious information and to .... of the Islamic period, while to the existence of the verses Quranic on coins, where there are important historical writings such as the year and the place of striking, and with the name of the caliph and the princes of cities, and these writings are considered documents in the hands of researchers to study the historical occurrence. This research is devoted to coins minted in the Umayyad period in the city of Mosul. Because of the location of the city of Mosul, which is suitable for trade and agriculture, it was an important area for the Islamic State at that time. For the first time, Islamic coins were minted during the Umayyad period, and the oldest mint in the city of Mosul dates back to the year 82 H, and until the year 132 H, the city continued as a place for minting coins. After a study of the museums and scientific sources devoted to coins, we discovered the coins struck in Mosul. For this study, we took one dirham and seven flus. These coins were struck in different years and by different caliphs and emirs. And we made a historical and technical analysis of all the coins, this study is part of a doctoral dissertation on Islamic coins in the city of Mosul, we hope through this study to give scientific light to an important aspect of the city of Mosul in terms of striking coins.

## مدينة الموصل، دار الضرب لسك النقود في العصر الأموي 82-132هـ/701-750م

### ملخص:

تعد المسكوكات من أهم المصادر لكتابة تاريخ العصور القديمة، وخصوصا العصور الاسلامية، لان المسكوكات الاسلامية تعد وثيقة كتابية مهمة نستطيع من خلالها الحصول على الكثير من المعلومات التاريخية و الاقتصادية فضلا عن الفنية والدينية منها، على غرار وجود الآيات القرانية على المسكوكات، حيث توجد كتابات تاريخية مهمة مثل السنة و مكان الضرب مع أسم الخليفة وأمراء المدن، إذ تعتبر هذه الكتابات وثيقة بإيدِ الباحثين لدراسة أهم الحوادث التاريخية. حيث خصص هذا البحث لدراسة المسكوكات المضروبة في

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

العصــر الاموي وتحديداً من مدينة الموصــل، وذلك بســبب موقع المدينة المؤهلة للتجارة و الزراعة كما كانت منطقة مهمة للدولة الاسلامية انذاك. لاول مرة ضرب النقود الاسلامية في عهد الأمويين، وأقدم سكة مضروبة في مدينة الموصل تعود إلى عام 82هـــ، واستمرت المدينة بضرب النقود حتى عام 132 هـــ. بعد استقصاء ودراســة مكثفة للمصــادر العلمية المخصــصــة لدراســة المكســوكات وما تحتوي المتاحف في مخازنها من المسكوكات اكشتفنا بان هناك مسكوكات ضربت في مدينة الموصل، سندرس في هذا البحث درهما مع سبعة فلوس والتي تعود لسنوات مختلفة ولخلفاء وامراء مختلفين، وسنقوم بتحليلها تاريخياً وفنياً، وتعتبر هذه الدراسة جزء من أطروحة الدكتوراه والمخصصة لمسكوكات ضربت في مدينة الموصل، والغاية من هذه الدراسة هي معرفة الدور الرئيسي لمدينة الموصل في ضرب المسكوكات.